# شت كرێن لەو دوكانانەی كە هەندێك شتی حەرام دەفرۆشن

[ kurdish – كوردی – كردي ]

شێخ عبد الكريم الخضير

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ الشراء من محل يبيع بعض المحرمات ﴾

« باللغة الكردية »

عبد الكريم الخضير

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## شت كرێن لەو دوكانانەی كە هەندێك شتی حەرام دەفرۆشن

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد الكریم الخضیر ئەندامی دەستەی گەورە زانایانی شانشینی عەرەبستانی سعودیە كرا :

**پرسیار :** ئایا دروستە كڕینی هەندێك كەل وپەلی حەڵاڵ لەو دوكانانەی كە هەندێك شتی حەرام دەفرۆشن ؟

**وەڵام :** الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على نبينا المصطفى .

گومانی تێدا نییە وازهێنان و تۆراندنی ئەو دوكانانەی كە هەندێك كەل وپەلی حەرام دەفرۆشن و وا دەكات لە خاوەنەكانیان كە دەستهەڵگرن لەفرۆشتنی ئەو جۆرە شتانە، لەهەموو حاڵەتێكیشدا ئەگەر هاتوو ئەو كەل وپەلەی تۆ دەتویست لەهیچ جێگایەكی تر دەست نەدەكەوت لای ئەو دوكانە نەبێت و تۆیش پێویستت بەو شتە هەبوو جا ئیتر خواردنە یان خواردنەوەیە یان جلو بەرگە یان هەر شتێكی تری حەڵاڵە، ئەوا ئەو كاتە دروستە بچیت

پێویستیەکەی خۆت بکڕیت و ئامۆژگاری خاوەن دوکانەکە بکەیت بە ئەندازەی ئەوەی دەتوانیت کە واز لە فرۆشتنی ئەو کەلوپەلە حەرامانە بهێنێت، بەڵام ئەگەر ئەوەی تۆ دەتویست لای ئەو وغەیری ئەویش هەبوو ئەوا تۆ لای ئەو کەسە بکڕە کە شت وکەل وپەلی حەرام نافرۆشێت وەك جگەرە و گۆڤارێك کە لەگەڵ داب ونەریتی کۆمەڵگەی ئێمەدا نایەتەوە، ئەوا دەبێت لای ئەو کەسە بیکریت بۆ ئەوەی قازانجەکەی بۆ ئەو کەسەی تر بێت و یارمەتیەکیش بێت بۆی تاوەکو جێگیر و بەردەوام بێت لەسەر کاری خێری و فرۆشتنی کەلو پەلی حەڵاڵ، و هۆکار وئامۆژگارییەکیش بێت بۆ ئەو کەسەی کە کەل وپەلە حەرامەکە دەفرۆشێت بۆ ئەوەی بزانێت کەسانێك هەن پەیوەندی کڕینی کەلو پەلیان لەگەلدا بچڕاندوە تەنها لەبەر ئەوەی پڕێك یان هەندێك کەل وپەلی حەرام دەفرۆشێت بەشکوم ئەویش بەخۆیدا بچێتەوە وواز لەو کارانەی بهێنێت ...

خوای گەورەش لەهەمووان شارەزاترە ..